# ناكامل بوونی پرۆژەی پەرلەمانی لاوان وهەلچونی بی بەرنامەی برادەرێک .. رزگار كۆچەر

rzgar4@yahoo. Com

چەند چارێكە برادەرێك بەكەیفی خۆی لە چوار چێوەی وتارێكی سیاسی وتێنەگەیشتنیكی دیموكراتیانە لە دۆزینەوەی چارەسەر و گۆرینەوەی بیرو را دەربرین دادەبەزیتە سەر ئەو كەسانەی كەوا پێیان وا بوە ئەو پرۆژەیە هێشتا كامل نەبوە و پێوستی بە مشورەتی زیاتری لاوان هەیە و بەژداری زیاتری هەموو لاوان بۆ ئەنجام دان وسەركەوتوو كردنی پرۆژەكە پێویستە.

دیارە من نامەوێت ببمە پارێزەری هیچ لەم كەسانەی كەوا بە نێگتف لەسەر ئەم پرۆژەیە قسەیان هەبوە بەلام بە هەقێكی خۆمی دەزانم وەك كەسێك كەوا لە پەیڤێكم لە كوردستان نێتی ئازیز ئەم پرۆژەیەم بە پرۆژەیەكی ناكامل و كۆپی كراو لە قەلەم داوە ئەوش وەك رایەكی تایبەتی خۆم ئێستاش هەمان قسەی جارانم هەیە بۆیە وەك هەقێكی ئاسایی خۆم پێم باش بوە لەرێگای كوردستان نێت ئەوەی هەم بوە بی گەیەنم هەرچەندە كەسانێكیش كەوا لە نیو ئەم وەزعە خەریكی كاسبی و كار پەیدا كردنن پێیان وابوە من دژی ئەوان قسەم كردوە بی ئەوەی بیریان لەوە كردبێتەوە كە وا ئاسایە مرۆڤ رەخنە بگریت و رەخنەشی لێبگیریت وەك یەكێك لە بناماكانی ماڤی مرۆڤ.

لە هەمووی سەیر ترلای هەندی دەرویشی حزبایەتی وایە ئەوەی لەگەل دەسەلات كاری كرد نابێت رەخنە بگرێت ودەبێت بە رهاییی لەگەل هەموو پرۆژكانی دەسەلات بێت ونابێت نوقەی لێوە بێت..

چەند جارێكە كاك ئامانج كە ناشی ناسم لە رێگای پەیڤ و چاو سوركردنەكانیانیەوە دەیەویت ئەو كەسانەی كەوا قسەیان هەبوە لەسەر پرۆژە ناكامیلەكەی پەرلەمانی لاوان بخاتە سەنگەرێك وخۆشی لە سەنگەرەكەی تر. سەنگەری بەرگری كردن لە گەنجان و لاوان و بە هقیش نازانی گەر ئیمەمانانی گێل ونەفامام وداوین پیس و هەرچیەكی ناو دەنێت كەوا رایەكمان هەبێت كە ئەو پیی وایە ئەو پەرلەمانەی لاوان دەبێتە دەنگی هەموو لاوان بە گیل و نەفامەكاتنیشەوە كە لای كاك ئامانج ئیمە یەكێكین لەو دەست لەپشت دراوانە.

هەرچەندە قەت حەزم لەم شەرە دنۆكە نەبوە بەلام حەز دەكەم یەك راستی بۆ كاك ئامانج روون كەمەوە بە زمانێكی سوك سانا پی بلێم برای ئازیز دەبێت تۆ سینگت بۆ رەخنە گرتن فرەوان بێت وگۆی گرو گۆی رایەلەی دەنگە بەرهلستكارەكانیش بی بزانیت ئەواننش ئەگەر خۆت وتنەی تازە نوسەرو مورهیقی ناوە سایتەكانی ئەنترنیت بن خۆ دەكرێت جەنابت كەوا شارەزای دیسان ئەو دلە گەورەیەت هەبێت تا قسە وەرگریت بۆ دەولەمەند كردنی ئەو پرۆژەیە خۆ ئەگەر ئەوكاتە ئەو پەرلەمانەی كەوا جەنابت و ئەوانەی خەونی پێوە دەبین ببێت ئەو دەبێت ئیوە ئەو رۆحیەتەتان هەبیت كەوا قسە لە دەنگە دژەكانیش وەرگرن مافی لاوە بەرهەلستكارەكانیش بە هەند وەرگرن.

چەند جارێكە جەنابت لەرێگای وتارەكانت كە لە شێوەو قیژە قیژی پێژەرێكی شەری ناو خۆ دەچێت كە ئەو كاتە سەدان لاو بەم وتارانە بونە قوربانی دەسەلاتی سیاسی كورد ودوایش لەسەر خۆینی ئەوان سەدان كۆبونەوەی ئاشتی ساز كرا بەرد بارنمان دەكەیت هەرۆژە بە شتێك لەقەلمان دەدێت بی ئەوەی یەك زانیارت لەسەر بۆجونەكانی ئێمە هەبێت جارێك

مافمان نادەیت وێنەکانمان لە گەل نوسینەکانمان بلاو بکەینەوە دوایش هەر خۆت دەلێت بە ناوی خوازیار دەنوسن جاریکی تر بە تازە نوسەرمان لەقەلەم دەدیت ئەوەش ئاسایە با تازە نوسەر بین خۆ جەنابیشت بە نوسەری لە دایك نەبویت. .

دیسان داوی لیبوردنت لێدەکەم برای بەریزم من بە نیسبەت خۆمەوە دەلێم کەکارمەندێکی دەزگای سەتەلایتی کوردستانم و دوا سالمە لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولیر ئەوەی پێم بوە وتومە کەسیش هانی نەداوم تا قسە بکەم قەتیش چاوەریی ئەوە نەبوەمە قسە لە خەلك وەرگرم خۆشم بەو کەلە نوسەرە گەورەیە لە قەلەم نادەم حەزیش دەکم قسە بکەم و گوی لە خەلك راگرم من مەبەستمە فێر بم ئەگەر فێر بون لە نازانیش بێت ئەوەش عەیب نیە گەرپێشت ناخۆشە دەمانەوێت شت بنوسسین ئەوە کەیفی خۆتە لە کۆتایش دییسان دەلێم پێویستە پرۆژەی دروست کرنی پەرلەمانی لاوان دیسان شرۆڤە بکرێت و زیاتر ئامانج و بەرنامەی ئەو پەرلەمانەی جەنابت موکری لەسەری بە گەنجان ئاشنابێت وئەوەندەش بە دکتۆر فەرهاد بپیربال و کاك بەختیار عەلی قەلس ونارحەت مەبە